# تەریقەت لە ئاشوبگاکانی غەریبی



عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

ئەی مرۆڤ تۆیەك لەبەردەم ئەربابەکانی لوتف و حەنیندا

چ سەحرایەکت نابووە بەر ئەرتەشی خەیاڵ

لە چ مەنزومەیەکی یاخیبووندا دەگەڕای بە شوێن هەڵە بێ

عیلاجەکانی مەنتیق

تۆ چۆن لە سوالفە بێ ئەرزشەکانی حیکمەت دەگەیشتیت و

دوواتر خۆت پڕ دەکرد لە خەون و لە بۆنی ئێوارانی باخچە ئاودراوەکانی لۆژیك

کەی غەریبیت داهێنا و چوویتە سەر زەمینەکانی فەنا

چۆن پیاسەی نێو فیردۆسەکانی یۆتۆپیا و کەنارەکانی گۆمی عەدەم

ناگۆڕیتەوە بە مۆرکردنی پایانی پەیمانی سەفەری زەمەن

کەی ماناکانی ئازادی لەفەرهەنگی بووندا دەبن بە هێشوە ترێ و

تۆش دەیانکەی بەشەرابی پڕ لە لەززەتی هیجرەت .ئەی مرۆڤ

تۆ لە کوێدا سەری سوجدەکان دەگریت و خواکانی بۆ سەردەبڕی

ئەی مرۆڤ تەریقەت لە خۆڵ و ئاگر و ئاو و هەوا وەربگرە و

لە لوولەی مەسینەکانی گومانەوە دڵۆپ دڵۆپ مەعریفە بپرژێنە سەر

فرێنەکانی مینارقا و بۆراقەکانی سەفەری هزر

وێنەکانی سەر دیوارەکانی ئاشوبگەکان دابگرە و

لەبەر قاپی دۆزەخەکانی ژیاندا فووبکە بەنای حەقیقەتدا

ڕابمێنە لە میهرەبانی هێماکانی ئەفسانە و

پاڵەوانی شەڕگەکان ئاموزش بدە و ببە بە دراوسێی ئیمان

ئەی مرۆڤ لە ئایەتەکانی یاخیبوون و پاڕانەوە گەڕێ و

ببه به میراتگری گشت کارەساتە مەفتونەکان
ئاماژەکان به دژواری وێنەی بێناسنامه بۆ نەمری ئەگرن و
هستریانه گاڵته ئەکەن به سێبەر و به ئاپۆڕەی ئاشوبخوازی

له پیرۆزی بیردۆزەکان خۆ قەتار کە و له زێرابی نیگەرانی وەره دەرێ
تا جەللادی بەخشندەیی سەردەبڕی له تویێ وڕێنه لێڵەکان
به بێهوده له دەگمەنی ئەدگارەکانی جەسووری وورد بەرەوە و
پەرستگاکان بکه به ئیتمۆلۆژی ڕامان و داڵغه سرکەکانی قەدەر
ساختمانی هاوکێشەکان هەر به چۆڵی بسپێرە به سەرنجه خامۆشەکانی چارەنوس

خیانەتەکان له گەفوگوڕی حەیا و شورەیی هەڵکێشە و
سیمای شێواو وخەمۆکیان بدەرە دەست جەنگەکانی ئایدۆلۆژیا دۆڕاوەکان.
ئەی مرۆڤ تەڵه تەرخانکراوەکانی مردن له نێو تاریکیدا
بنێرە بۆ عەقڵە ئاوساوەکانی خۆشباوەڕی و ترس

له نەریتی ئەفراندندا قایل مەبه به مشتومڕ لەگەڵ پیلانگێڕەکانی ڕاڤەکردن
کاریزماکانی ئاژاوە مەزنەکان مەدوێنه و
بڕۆ تا لەتاڤگەی کەمتەرخەمی دەپەڕییەوە و
ئیتر ترياکی جوانی بکێشە تا لەبەردەم حەزرەتەکانی حەسرەت و گۆشەگیریدا نەمری
ئەی مرۆڤ کەی له سڕینەوەی ماکەکانی لەکەی مردن دەبیتەوە و

به یۆتۆپیاوە ئەچیتە سەر ئەو دورگانەی تژین له ڕوئیا و ئارزیابی
وێنەکانی سەر دیواری گەلەری زات کەی دادەگری و خەتاکان کەی ئەسڕییەوە
نەوەکانی پاش کارەساتە گەورەکان فێریان دەکەی به چ زمانێك چیرۆکەکانیان بنووسن
مەکتەبلیيەکانی قوتابخانه هزرییەکان و مەعریفە

جانتای چ وانەیەکیان دەکەی به شاندا و
هەموو ڕۆژێك به لەفەیەك ئیهانەوە ئەیاننێری بەرەو پۆلەکانی عەدەم
ئەی مرۆڤ کەینێ ڕەگەزەکانی زات دەنێیته نێو یاکتی هەقایەته کۆنەکانی داری تەقسوس
خوا پەرستە کارامەکان به فانۆسی گەواهی یەوە دەبەیتە بەر دادگای ئۆێن
به سەوڵەجانی چاوەڕێ قونیرەکانی تەنیایی دەتەقێنی و

گەشتیارە چاو باشقاڵەکان له وەهمی پاکیزەیی و غەدداری قوتار دەکەی
شۆڤارەکان کەینێ تیژی خیانەتیان دەنوسنەوە و
خەمساردانه دەچن بەگژ میتینگەکانی خۆکوژی
کەینێ کالیبتۆزەکانی غەددر سێبەر دەخەنه سەرجەستەی

نەشئە جوانەمەرگەکانی دورگەی ئەمەل

ئەی مرۆڤ..لە تاقە بەرزەکانی دیوانی موحیببەت

کام کلیپی تراژیدیای خەونە هەڵدێراوەکان لێدەدەی و

دەچیتە کۆنسێرتی چ واوەیلا و شیوەنێك

لۆفەکانی شاخی مەینەت چلۆن دەبڕی و

بە ماتماتیکی چ عەقڵێك دەچیتە پێشوازی خۆشنوودی و

حەل و فەسڵی کۆی کۆستە لێکترازاوەکان

بە بەیت و بالۆرەی چ مەنتیق و ئایدیۆلۆژیایەك دەکەی و

بەحری ستەم وشك دەکەی و

ئاسمانی خەم کون دەکەی و

دەفڕی.. دەفڕی ..دەفڕی.. دەفڕی.. هەتا دەگەی بە ئەبەدییەت ئەی مرۆڤ!

جولای 2006

ڤانکۆڤەر/کەنەدا